KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
13-2-2007 16:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قوڕ بۆ نەوەکانمان دەگرینەوە وەک چۆن قوڕ بۆ ئێمەش گیرایتەوە ... رەوەند شێخە

بۆ ئەوەی زیاتر تێکەڵاوی یەکتر بین و بتوانین پتەوکردنی یەکێتی خاکی عێراقی یەکگرتوو بپارێزین، عەرەبی بێ ناونیشان دەهێنینە وولاتێکی ناونیشان.
لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوایەتمان نزمە یان مولکمان بۆ نەوەی نەوەکەمان دابڕیوە یاخود خاکی کوردستان بەمولکی خۆمان نازانین میوانین لێی.
وابزانم هەرکەس بەشی خۆی دابڕیوەو ئەوی ماوە ئەیدەینە برا عەرەبەکانمان، ئەوانەی کە لە رۆژی ئەنفال و کیمیاباران بە تەنگمانوەبوون و دەستیان دەگرتین و بەرەوو زیندەچاڵەکان و گۆرەبەکۆمەڵەکانیان ئەبردین.
میوانداری نەوەی عەرەفات ئەکەین کەهەتا دونێ لموزی پۆستاڵی سەدامی بەلێو بۆیاغ دەکرد بۆ ئەشکەنجەی کورد ئەمرۆش هەنیە پێشمەرگەکانمان بە دزوو چەتە دەزانێت، کەواتە هەر شایەنی ئەوەن کوردستانیان بەناو بکرێت بۆ ئەوەی ناونیشانی تازەیان کوردستانی فەلەستین بێت هەر کو دەگوترێ کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران هتد بائەوەشمان هەبێت.
خۆ لەوانەیە ئەوانە هەر نەوەی سەلاحەدین بن هیچیتر توانی رزگاری قوودسیان نەمابێت دێن کەرکوک ڕزگارکەن. کە دەڵێن مێژوو ڕابوورد دووبارە نابێتەوە کە چی لە وولاتی زۆر شت دووبارە ئەبێتەوە، ئەوەش یەک لە سەدانە هەر وەک عەرەبی دەوورو بەری کەرکوک با ئەمجارە عوبەیدی و حەمدانی نەبێت ئەمجارەیان عەرەفاتی و عەشراوی ئەولاد حجارە و حەماس بێت.
کەرکوک واخەریکە لەدەست دەروات لەبەر عەرەبی کۆچەری و هاوردە ئەمجارەش نۆرەی هەولێر و سولەیمانی یە. هەر کە ئێستا چەند هەزارێک بێن ئەوا ماوەی چەند ساڵێک دەبن بەچەند ملیۆن ئەوانە وەک کلۆ زیاد دەکەن ئەوتە فەرەنساو وولاتانی عەرەبی وئەروپی لەدەستیان بێزارن جا ئێمەی بێ سنوور چیمان لێ دێت لەدەستیان.
کە ئەوانە کەلتوری خۆیان نەگۆڕن و خاک و زمان و مێژویان هەبێت بێ گومان گەر داوای دەووڵەت نەکەن ئەوا داوای ئۆتۆنۆمیت لێ دەکەن.
ئەوکاتە دبێت بووترێت کوردستانی فەلەستینی عێراق، ئەوجا کوردستانێکی ئازاد هەر دەبێتە پیرە خەو و خەیاڵ.

ئەلمانیا 11. 02. 07

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.